# بونیادگەری لە ئەدەبدا

پ. ی. د. فازیل مەجید مەحمود- م. میران جەلال محەمەد/ زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان

## پێشەکی

بەسەرنجدانێکی ڕێڕەوی پێشکەوتنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی و پۆلێنکردنی تایبەتمەندییەکانی سەردەمە جیاوازەکان بەدرێژایی مێژوو، بۆمان دەردەکەوێت" یەکێك لە دیارترین سیماکانی سەدەی بیستەم، ئەو شەپۆلی گۆڕانکاری و گەشەسەندنە هەمەلایەن و بەرفراوانە بوو کە سەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گرتەوەو بەتەنها لەبوارێکی دیاریکراو و سنووردارادا نەمایەوە، بێگومان ئەمەش دەرەنجامی ئەو شۆڕشە سەرتاسەری و گشتگیرە بوو کە لەپانتایی تێڕوانینەکاندا سەبارەت بە چۆنیەتی تێڕامان و لێکدانەوەو شیکردنەوەی ڕووداوەکانی جیهان بەگشتی و ڕەوشە مرۆڤایەتییەکاندا بەتایبەتی بەرپابوو.

کاراترین و سەرەکیترین هۆکاری پشت ئەم کودەتایەش لە بوارە زانستییەکان بەگشتی و زانستە مرۆڤایەتییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، لەمەشدا نابێت ئەرك و ڕۆڵی ڕێبازو میتۆدە نوێیەکان لەرەخساندنی ئەم زەمینەیەدا فەرامۆش بکەین، چونکە ئەو گەشەسەندن و بایەخپێدانە فرەلایەنەی ئەمڕۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان بەخۆیانەوە دەیبینن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو داهێنان و دۆزینەوانەی لەبوارە جیاجیاکانی (زانستی زمان، ئەدەب، کۆمەڵناسی، دەروونناسی و.. تد)دا لەلایەن ڕێڕەوە نوێیەکانەوە بەرهەمهاتوون و لەو پۆلە زانیارییانەدا بەکارهێنراون کە لەوەوبەر پەییان پێنەبراوەو ئاشکرا نەکراون.

یەکێکیش لەو میتۆدانەی زۆر چالاکانە توانیویەتی بەشداری لەم شۆڕشەدا بکات، میتۆدی (بونیادگەری)*یە، چونکە لەڕێی لێکۆڵینەوەو دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، کە ئەم میتۆدە توانیویەتی پەل بکوتێتە نێو پێکهاتەی هەموو بەشە زانستە هاوچەرخەکانیەوەو ببێتە ڕێبازێکی گرنگ لە شیکردنەوەو لێکدانەوەی یەکەکانی ئەو زانستانە، ئەم کەشەش لە زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە تاوەکو قووڵایی چەندین بواری زانستە سروشتییەکان لەخۆدەگرێت..

ئەم تایبەتمەندییەش بونیادگەری دەکاتە تاکە میتۆدێك کە بتوانێت چالاکانە سنوورەکانی بوارێکی تایبەت ببڕێت و تێبپەڕێتە نێو زۆر بواری دیکەی ژیانەوە (وەك لە ڕێبازو میتۆدەکانی پێشتردا بەدیدەکرێت). بۆنموونە" ئەم میتۆدە لەبواری زانستی زماندا توانی ببێتە ڕێخۆشکەر بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێکی کۆپەرنیکسۆنی و لەڕووی کۆتایی هێنان بە تێڕوانینە باوەکانی پێشوو و ڕووکردنە شێوازێکی کارکردنی نوێ و لەو بوارەشدا توانی زۆربەی کێشە باوەکان چارەسەربکات، هەروەها لەبواری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیشدا ئەم میتۆدە ڕێی بۆ داهێنانی چەندین تێڕوانینی نوێ خۆشکردووە، بۆ خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی دەقەکان بەشێوازو سیستەمێکی نوێی زانستی و پشتکردنە ئەو یاساو تێڕوانینە باوە چەقبەستووانەی کە پێشتر کاریان پێدەکرا. سەرەڕای خوڵقاندنی ڕەهەندێکی نوێی بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سێ جەمسەری (نووسەر – دەق –

خوێنەر)دا.

ئـەم توێژینەوەیـەش، کـە لـە پێـشەکییەك و دوو بەشـی سـەرەکی و ئـەنجامێك و پوختـەی توێژینـەوە (بە هـەردوو زمـانی عـەرەبی و ئینگلیـزی) و لیـستی سەرچـاوەکان پێکهـاتووە، هـەوڵێکی سـادەیە بـۆ تیشکخـستنەسەر چـۆنیەتی سـەرهەڵدان و دامەزرانـدنی میتۆدەکـە و دیـارترین ئـەو هۆکارانەی ڕۆڵیان هەبووە لە گەشەپێدان و بڵاوکردنەوەی، سەرەڕای شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ سێ جەمسەرەکەی (نووسەر، دەق، خوێنەر)دا.

## بەشی یەکەم
## دەروازەیەکی مێژوویی

**یەکەم: بونیاد**

ئەگەر بمانەوێت لەڕێی دەستخستنی زانیاری دەربارەی چەمکی بونیادگەری و ئاشنابوون بـە واتـاو دەلالەتـە جیاوازەکانیـەوە بـچینە نـاو کـرۆك و قـووڵایی بابەتەکەمانـەوە، سـەرەتا دەبێـت بپرسین (بونیاد) چییە؟

بەشێوەیەکی گشتی ئەو سەرچاوانەی لە زاراوەکە دوواون، ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە وشەی (بونیاد – Structure) تەنها وشەیەکی ڕێزمانیی ڕووت نییە، بەڵکو ماناو مەبەستێکی فەلسەفی و بگـرە ئەپستمۆلۆژیـشی هەیـە و یەکێکـە لـەو وشـانەی لەگـەڵ هـاتنی سـەدەی بیستەمدا گرنگیـی و بایەخێکی ئێجگـار فراوانـی پێدراوە، لەڕووی واتـا و ڕەچەڵەکیشەوە" بەپێی ئەو بەکارهێنانەی لە فەرهەنگی (لاروس لیتەر)ی فەرەنسیدا پەیوەست پێیـەوە بەدیـدەکرێت " بریتییـە لـەو ڕێگایـەی کـە شـتێکی پـێ دروسـتبکرێت، یـاخود ئـەو ڕێگایـەی کـە بەشـەکانی هـەموو (گـشت – کـل)ێـك یـان ماددەیـەکی کـانزایی، یـاخود کـارێکی پیـشەیی پـێ ڕێکبخرێـت لـەنێو یەکدا"(1)، یـاخود ، "ئـەو یاسایانەیە کە لێکدانەوە بۆ پێکهاتەو بونیادی شتەکان دەکات و ڕاڤەیان دەکات"(2)، واتـە بونیـاد فـۆڕمی شـتێك یـان پێکهاتـەی یەکێتییـە مادییەکـەی (کـۆنکرێتی) نییـە، بـەڵکو ئـەو یاسـایانەیە کـە یەکـەکان لـە گـشت و کـۆی شـتەکاندا ڕێکـدەخات بەشـێوەیەکی لـۆجیکی، چـونکە خـودی بونیـاد "سیستەمێکە لە مەعقولیەت"(3)، بەڵام سیستەمەکە چەقبەستوو یەك لایەنە نییە

بـەڵکو وەك (جـان بیـاجێ) دەڵێـت "سیـستەمێکە لـە گۆڕانکـاری"(4)، واتـە سیـستەمەکە شـیانی گۆڕانکـاری تێدایـە، بـەڵام گۆڕانکارییـەکی سیـستەماتیك*. لـەڕووی مێژووییـشەوە بـۆ یەکـەم جـار

---

1 – ئازاد حەمە، ڕەهەندی تێرامان و جەستەی گوتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ، Nytida Kulturella Kropp Foredragt، چاپی یەکەم، سوید، ١٩٩٥، ل ١٩ – ٢٠

2 – د. ذكريا إبراهيم، مشكلة البنية أو أضواء على البنيوية، دار المصر للطباعة والنشر، القاهرة، (بدون تأريخ)، ص ٣٣

3 – أديث كيرزويل، عصر البنيوية من ليفي شتراوس الى فوكو، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الأولى، بغداد، ١٩٨٦، ص ١٣

4 – س. رافيندران، البنيوية والتفكيك، (تطورات النقد الأدبي)، ت: خالدة حامد، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٢، ص١٩

* بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا یاسای گشتی ڕستە بریتییە لە (بکەر – بەرکار – کردار)، واتە کردار دەکەوێتە کۆتایی ڕستەوە، بەڵام لەهەندێك باردا ئەم پێکهاتەیە دەگۆڕێت و کردار دێتە ناوەندی ڕستەوە، ئەمەش یەکێکە لە دیاردەکانی گۆڕانکاری لەسیستەمێکدا.

وشەی (بونیاد) لەسەدەکانی ناوەندی ئەوروپادا سەریهەڵداوەو لەبواری بیناسازیدا بەکارهاتووەو بریتی بووە "لەو ڕێگەیەی کە تەلارێکی پێ دروستدەکرێت"(5)

لە زمانی عەرەبیدا وشەکە بە (البنیة) هاتووە، کە بەمانای پێچەوانەی وشەی (الهدم – ڕووخاندن) بەکاردێت، واتە لێرەدا وشەی بونیاد مانایەکی ئەندازەیی تێدایە، ئەویش پرۆسەی دروستکردنە. بۆنموونە لەزمانی عەرەبیدا کاتێك دەوترێت بونیادی زمان – بنیه اللغه، یان بونیادی کۆمەڵ – بنیه المجتمع، وشەکە بەواتای دامەزراندن یاخود لەهەندێك باردا بەواتی بناغە بەکاردێت، ئەمەش بەراورد بەو واتایەی لەفەرهەنگی (لاروس لیتەر)دا هەیەتی جیاوازە، ئەوەش لەبەرئەوەیە کە وشەی (بنیه)کەی زمانی عەرەبی لە کرداره لاتینییەکەوە وەرگیراوە، کە (Struere)و بەواتای (بن) دێت، ئاشکرایشە کە یەکێك لەو سەرچاوە سەرەکییانەی توێژەران و نووسەرانی کورد بە جیهانی فیکریی خۆرئاوا ئاشنابوون، زمانی عەرەبی و ڕۆشنبیری عەرەبییەو کەمتر کارلێکردن و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەو جیهانەوە هەبووەو سوود وەرگرتنیان لەو ڕوانگەیەوە سنووردار بووە، لەئەنجامی ئەم وەرگرتنە ناڕاستەوخۆیەشەوە، دەبینین لەمیانەی ئەو توێژینەوەو وتارو باسانەی توێژەران و نووسەرانی کورد لەم بوارەدا ئەنجامیان داوەو، چەندین فۆڕمی جیاوازی ئەم زاراوەیە بەدی دەکەین، بەجۆرێك هەندێکیان وەرگێڕدراوی وشە عەرەبییەکە بەکاردەهێنن، لەکاتێکدا هەندێك توێژەری دیکە زاراوە جیهانییەکە یاخود وەرگێڕانەکەی بەکاردەهێنن، بەڵام ئەوەی بۆ بەلای ئێمەوە گرنگەو ناوەرۆك و بناغەی توێژینەوەکەمانی لەسەر دامەزراوە، ناوەرۆك و مەبەستی زاراوەکەیە نەك ئەو فۆڕمە جیاوازانەی بۆ ناونانی یاخود گوزارشتکردن لێی بەکاردەهێنرێن.

دوای ئەوەی هەوڵماندا بەپێی توانا تیشك بخەینە سەر چەمکی بنەما و چەند زانیارییەك لەبارەیەوە بخەینەڕوو، بەپێویستی دەزانین ڕووبکەینە لایەنێکی دیکەی توێژینەوەکەمان کە ئەویش لێدووان و لێکدانەوەی زاراوەی (بونیادگەری)یە.

یەکێك لەو کێشانەی بەردەوام ڕووبەڕووی توێژەرانی ئەم بابەتە دەبێتەوە، دەستخستنی پێناسەیەکە دەربارەی ئەم میتۆدە، کە گشتگیرو هەمەلایەن بێت و لەتوانایدا بێت کۆی ئەو لایەنانە لەخۆبگرێت کە تایبەتن بە میتۆدەکە، بەگشتیش هۆیەکەی لە دوو خاڵدا کورتدەبێتەوە، کە بریتین لە:

١– زۆربەی ئەو کەسێتییانەی هەوڵی لێتوێژینەوەو لێکدانەوەی ئەم زاراوەیەیان داوە، بە شیاوو ڕەوای نازانن کە تەوژم و میتۆدێکی ڕەخنەیی فراوانی وەك (بونیادگەری) بەو هەموو ماناو دەلالەتە جۆربەجۆرو باکگراوندە فەلسەفییانەوە لەنێوان دوو کەوانەی پێناسەدا سنوورداری بکەن و تەواو لەئاستیدا بابەتیی بن.

٢– لەلایەکی ترەوە ئەوەی زیاتر ئەم پرۆسەیەی گران و ئاڵۆز کردووە، ئەو مەودا فراوانەیە کە بونیادگەری لەبوارە جۆربەجۆرە زانستییەکاندا لەخۆی دەگرێت، چونکە ئاشکرایە بونیادگەری تەنها لەبوارێکی دیاریکراوی ژیاندا نەماوەتەوەو تێپەڕیوەتە سەر زۆربەی بوارەکان.(6)

بەڵام لەگەڵ ئەم گرفتانەشدا هێشتا دەروازەیەك دەمێنێتەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەمان (پێناسەی میتۆدی بونیادگەری)، ئەویش لەڕێگەی ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی ئەو وتانەی لەم بوارەداو لەلایەن ڕابەران و پەیڕەوکەرانی ئەم میتۆدەوە خراوەتەڕوو.

لەو ڕوانگەیەوە (فردریك جەیمسن) دەڵێت "گەڕانێکی دیاریکراوە دەربارەی بونیادە هەمیشەییەکانی خودی هزرو ئەو پۆل و شێوازە ڕێکخراوانەی کە مرۆڤ دەتوانێت لەڕێیانەوە

---

5 د. فائق مصطفى ـ د. عبدالرضا علي، في النقد الأدبي الحديث (منطلقات وتطبيقات)، دار الكتب للطباعة والنشر، الطبعة الثانية، الموصل، ٢٠٠٠، ص ١٧٨.

6 www.albayan.co.ae

جیهان هەڵبسەنگێنێت"(7)، (ترنس هۆكز)یش دەڵێت "بونیادگەری ئەو هۆكارەیە كە ڕێڕەوی ژیانی سەرجەم ڕەگەزی مرۆڤایەتی دیاری دەكات"(8)، ئەوەش دووپاتدەكاتەوە، كە بۆ ئەوەی مرۆڤ بیت پێویستە لەسەرەتادا بونیادگەربیت.

بە سەرنجدانێكی وردی ئەم دوو تێڕوانینەی لەپێشەوە ئاماژەمان پێدان، بۆمان دەردەكەوێت كە هەردووكیان هاوڕان لەسەر ئەوەی كە دەبێت لە گۆشەنیگایەكەوە لەم میتۆدە بڕوانرێت، كە ئەویش گۆشەنیگایەكی مرۆڤانەیەو بەستنەوەی ڕاستەوخۆی میتۆدەكەیە بە مرۆڤو ژیانی مرۆڤایەتییەوە، سەرەڕای بەخشینی ڕواڵەتێكی هیومانیستییە پێی، چونكە داوادەكەن لەژێر ڕۆشنایی یاساكانی بونیادگەریدا مرۆڤ لە جیهان بكۆڵێتەوەو لایەنە هزرییەكانی خۆی دابمەزرێنێت، میتۆدەكەش بكرێتە هۆكارێك بۆ دیاریكردنی ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤایەتی.

بەڵام (ڕۆلان بارت) كە ڕەخنەگرێكی سەر بە میتۆدەكەیە، دەڵێت "بونیادگەری قوتابخانە یان بزوتنەوە نییە، بەڵكو چالاكییەكە لەپشت فەلسەفەوە دەژی، هەروەها لە زنجیرەیەك كردەی ژیری پێكدێت كە هەوڵی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی بابەتێك دەدات، بۆئەوەی ئەو یاسایانە دەستنیشان بكات كە دەسەڵاتی بەسەریاندا دەشكێت"(9)، (جان ماری ئۆزیاس)یش جەخت لەوە دەكاتەوە كە "بونیادگەری بیر – فكر – ێكە بەبێ بیریاران، چونكە میتۆدەكە بونیادێكە لەڕێگەی زانستە مرۆڤایەتییەكانەوە بەدەردەكەون، بەرهەمی بیری (لیڤی شتراوس)و (میشێل فۆكۆ) نییە، بەڵكو ئەو گوتارەیە كە ئێتنۆلۆجیاو زانستی زمان، زانستی پزیشكیو ئاركیۆلۆجیای مەعریفە بەیەك دەگەیەنێت. خوێندنەوەی مێژووە، خوێندنەوەی شیكاری دەروونیی یاخود خوێندنەوەی ماركسیەتە"(10)، بەڵام (میشێل فۆكۆ) سەبارەت بە دیاریكردنی پێناسەیەك بۆ ئەم میتۆدە، پێی وایە كە ناتوانرێت بە ئاسانیی پێناسەیەك بۆ بونیادگەری دیاریبكرێتو دەڵێت "لەكاتێكدا ئێمە دەزانین ئاماژەكردن بۆ ئەم ناوە، ئاماژەكردنە بۆ كۆمەڵێك شیكردنەوەو ڕێڕەوو پەرتووكی جۆربەجۆر، وەك ئەو جۆربەجۆرییەی كە بۆ نموونە لەنێو مێژووی ئاینەكاندا دەیبینین، بەپێی ئەوەی (دۆمیزێل) دایڕشتووەو شیكردنەوەی میتۆلۆژی لەلایەن (كلۆد لیڤی شتراوس)و شیكردنەوەی شانۆگەرییە تراژیدییەكانی (ڕاسین) كە ڕۆلان بارت ئەنجامیداوە، سەرەڕای شیكردنەوەی پاشماوە ئەدەبییەكان لەلایەن (نۆرترۆب فراید)ەوە، یاخود شیكردنەوەكانی (ڤلادیمێر پرۆپ) بۆ چیرۆكە میللییە ڕوسییەكان"(11).

ئەم كارانەی باسكران" فۆكۆ لەژێر ناونیشانی بونیادگەریدا پێناسەیان دەكات، پێیشی وایە بونیادگەری وشەیەكی سادە نییەو گومڕاییو ئاڵۆزییەكی تایبەت لە لەبەكارهێنانیدا هەیە، چونكە میتۆدەكە لەبازنەی زانستێكی دیاریكراودا قەتیس نەماوە، بەڵكو بایەخ بە هەموو دیاردەو ڕووداوەكانی ژیان دەدات، ئەم بۆچوونەش دەمانگەیەنێت بەو ئەنجامەی كە فۆكۆ بە فەلسەفە بوونی بونیادگەری وەك ڕێبازێك ڕەتدەكاتەوە، بەڵام لەهەمانكاتدا دان بەوەدا دەنێت كە دەتوانرێت بە فەلسەفە جۆربەجۆرەكانەوە ببەسترێتەوە، هەروەكو ئەوەی لەكارەكانی (ئەڵتۆسێر)دا بۆ زیاتر بەهێزكردنی ماركسیستیو (لیڤی شتراوس) لە شیكردنەوەی كۆمەڵگا سەرەتاییەكاندا لەڕووی پەیوەندی ژنهێنانو خزمایەتی میتۆلۆژیاوە پێی گەیشتوون.

---

[7] ترنس هوكز، البنيوية وعلم الإشارة، ت: مجيد الماشطة، دار الشؤون الثقافية العامة، ط ١، بغداد، ١٩٨٦، ص ١٥

[8] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

[9] أديث كيرزويل، عصر البنيوية من ليفي شتراوس الى فوكو، ت: جابر عصفور، دار آفاق عربية للصحافة والنشر، بغداد، ١٩٨٥، ص ٢٤٤.

[10] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٣ – ١٣٤.

[11] ئلزاد حەمە، ڕەهەندی تێڕامانو جەستەی گوتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ، ل ١٥ – ١٦.

لەلایەکی ترەوە فۆکۆ لە وتاریکداو لەژێر ناوونیشانی (بونیادگەری و شیکردنەوەی ئەدەبی)دا دەڵێت "لەڕاستیدا پێم وایە ئێمە بەرلەوەی زاراوەی بونیادگەری بەکاربهێنین، دەبێت کۆمەڵێك تایبەتمەندیی و کاروبارو ژمارەیەکی دیتریکراو لەو شیکارییانە دەستنیشان بکەین، کە لەڕاستیدا یەك بابەتیان هەیە. بەڵی بونیادگەریی بونیادگەرە جۆربەجۆرەکان لەسایەی یەك بابەتدا کۆدەکەمەوە"(12).

لێرەوە دەتوانین بڵێین، کە بونیادگەری وەك میتۆدێك جۆرە یەکێتییەکی بۆ خودی خۆی سەپاندووە لەناو ئەو بوارە جیاوازانەی تێیدا بەکارهێنراوە، ئەو شێوە یەکێتییەش هەموو ئەوانەی بەبێ جیاوازی بەیەکەوە بەستووەتەوە، کە ئەم میتۆدەیان کردووەتە ڕێڕەوو ڕێبازی کارکردن و توێژینەوەکانیان. بۆ نموونە وەك (کارو داهێنانەکانی فێردینان دی سۆسێر لە بواری زانستی زماندا، لێکۆڵینەوەکانی کلۆد لیڤی شتراوس لە سیستەمەکانی ژن و ژنخوازی و خزمایەتی و ئەفسانەو ڕێسا کەلتورییەکاندا، کارەکانی جاك لاکان لەبواری نەست – لاشعورو ڕەهەندە زمانەوانییەکان لای سیگمۆند فرۆید، کارەکانی ڕۆلان بارت لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، سەرەڕای توێژینەوەکانی لویس ئەڵتۆسێر دەربارەی مارکسیەت لەهەر سێ ڕەهەندی ستالینیزم، هیومانیزم و خودو خودێتیدا لەڕێی سەرلەنوێ خوێندنەوەی ئەم فەلسەفەیەوە)(13).

کەواتە وەکو میتۆد" بونیادگەری میتۆدێکی بەربڵاوو فرە ڕەهەندەو تێڕوانینەکانی لەسەر کۆمەڵێك ڕەگەزو بیری هەمەچەشن دامەزراوە، ئەم جۆراوجۆریی بیرو بۆچوون و تێڕوانینانەش هۆکاری تایبەت لەپشتییەوە بووە، چونکە (بونیادگەری خۆی لەبنەڕەتدا دەرهاویشتەی کۆمەڵێك هێزو ڕەوتی هزریی و کۆمەڵایەتیی و ئابووری بوو، ئامانجیشی هەوڵدان بوو بۆ پێشکەشکردنی چارسەری گونجاو بۆ کێشە باوەکان، بەمەرجێك پشت بەدەرەنجامێکی زانستیی ببەستێت)(14).

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بونیادگەری لێکۆڵینەوەی ڕێسا کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەکانی ژیانە، لەڕوانگەی تێڕوانینێکی نوێ و میتۆدێکی نوێی کارکردن و توێژینەوەوە. بونیادگەری هەوڵدەدات لێکدانەوەو لێتوێژینەوە بکات بۆ پەیوەندی نێوان دیاردەکان و ئەو سیستەمانەی بەهۆی ئەم پەیوەندییانەوە پێکدێن و بەشێوەیەکی هەمیشەیی بونیاد دەنرێن، بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، نەك توێژینەوەی سروشتی دیاردەکان، هەروەك چۆن (د. زەکەریا ئیبراهیم) دەڵێت "بونیادگەری لەسەر بنەمای – ئینتیما بوون – بۆ میتۆدێکی دیاریکراو، یاخود کۆبوونەوە لەژێر سایەی یەك دروشمدا پێك نەهاتووە، بەڵکو پێکهاتووە لە پێکگەیشتنە هزرییەکان و دیاردە فیکرییەکان"(15). کەواتە ئەوەی زۆرتر بە میتۆدبوونی بونیادگەری دەچەسپێنێت، ئەوەیە کە ئەو کەسایەتییانەی لەژێر ڕۆشنایی بنەماکانی ئەم میتۆدەداو بەپێی ڕێساکانی توێژینەوەو بەرهەمەکانیان خوڵقاندووە، سەرەڕای جیاوازی بواری کارکردنیان، گەوهەرو ناوەڕۆکی کارو بەرهەمەکانیان لەلایەك و ئەو بنەماو سیستەمانەی لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی توێژینەوەکانیاندا بەکاریان هێناوە" لە لایەکی ترەوە، لەچوارچێوەی سنووری ئەم میتۆدەدا خۆی دەبینێتەوە.

"لەڕوانگەی بونیادگەرییەوە، پەیبردنی مرۆڤ بە جیهانی دەرەوە بەهۆی سیستەمێکی ڕێکخستن و پۆلێنکردنەوە بونیاد دەنرێت، لە دوا شیکردنەوەشدا بەهۆی ئەندامەکانی هەستکردن و

---

12 أديث كيرزويل، عصر البنيوية من ليفي شتراوس الى فوكو، ص ٢٣٣.

13 ئازاد بەرزنجی، چەند وێستگەیەکی فیکری و ئەدەبی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٧٩.

14 ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوە، گ: کاروان، ژ: ١٥٥، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٣٥.

15 د. زكريا ابراهيم، مشكلة البنية أو أضواء على البنيوية، ص ٣١.

عەقڵمانەوە بڕیاردەدەین"(16)، ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر شێوازی کارکردنی پەیڕەوکەرانی ئەم میتۆدە، چونکە بونیادگەری هەمیشە توێژینەوەکانی سەبارەت بە دیاردەکانی ژیان و جیهان ڕاڤەکردنێکی گشتییە دەربارەی بنەما هەمیشەییەکانی خودی عەقڵ و ئەو پۆلێن و شێوازانەی کە مرۆڤ وەك هۆکارێك بۆ توێژینەوەو تێگەیشتنی جیهانی دەوروبەر پشتیان پێ دەبەستێت، لەپێناو پەیبردن بە ماناو ئاماژە نوێیەکانی دیاردەکان، ڕووداوەکان و شتەکانی دەوروبەر، کۆنکرێتی بن یاخود ئەبستراکت.

## دووەم: مێژوو و بارودۆخی سەرهەڵدان

دەستنیشانکردن و چەسپاندنی مێژوویەکی دیاریکراو بۆ میتۆدێکی فرە ڕەهەند و بەرفراوانی وەکو بونیادگەری، کارێکی گرانەو توێژەر دەخاتە بەر بەرپرسیارێتییەکی گەورەوەو کاتێك سەرنجی ئەو سەرچاوانە دەدەین کە تواناکانیان تەرخانکردووە بۆ کارکردن لەم بوارەدا، ڕووبەڕووی زیاد لە مێژوویەك دەبینەوە، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە. چونکە وەك لەسەرەتادا ئاماژەمان پێدا، ئەم میتۆدە هەمەچەشن و بەربڵاو بووەو بەتەنها پەیوەست نەبووە بە یەك بواری دیاریکراوەوە، ئەمەش وادەکات هەر توێژەرەو لەڕوانگەو لایەنێکی دیاریکراوەوە بڕوانێتە ئەم بابەتەو لە دیدێکی تایبەتەوە هەوڵی دەستنیشانکردنی مێژوویەك بدات، ئێمەش هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر دیارترین تێڕوانینەکان سەبارەت بەم بابەتە.

لەڕووی مێژووییەوە زاراوەی (بونیادگەری – structurism) بەفەرمیی "بۆیەکەمجار لەساڵی (١٩٢٩)دا بەکارهاتووە"(17)، بەڵام وەك میتۆد مێژوویەکی دێرینتری هەیەو بەدانپێدانانی خودی بونیادگەرەکان "زانای زمانەوانی سویسری (فێردیناند دی سۆسێر ١٨٥٧ – ١٩١٣) بەدامەزرێنەری بناغەی ئەم میتۆدە دادەنرێت، لەڕێی ئەو وانانەی لەبواری زانستی زماندا لەزانکۆی ژنێڤ و لەساڵانی (١٩٠٧ – ١٩١٣)دا وتبوونیەوە"(18)، قوتابخانەکەیشی بە "قوتابخانەی ژنێڤ ـ Geneva school"(19) ناونراوە. هەرچەندە دی سۆسێر لەو کۆمەڵە نووسراوەدا کە (لەدوای خۆی خوێندکارەکانی بەناوی (وانەکانی زمانەوانی گشتی – Course De General Linguistic)ەوە بڵاویان کردەوە وشەی "بونیاد – Structure"ی بەکارنەهێنابوو و لەبری ئەوە وشەی "سیستەم – System"ی بەکارهێنابوو)(20)، لەکاتێکدا هەندێك سەرچاوەی دیکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم کە (بۆ یەکەم جار وشەی بونیادگەری وەکو چەمکێك لەساڵی (١٩٢٩)دا بەکارهاتووە، دوای ئەوەش لەزانستە جۆربەجۆرەکاندا وەکو وشەیەکی سەرەکی بڵاوبووەتەوە، مەسەلەی بەکارهێنانیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆنگرەیەی کە هەرسێ زانای ڕوسی "ڕۆمان یاکۆبسن، کرۆبێنسکۆی و کارژفسکی" لە پراگ بەستیان و بووە هەوێنی دامەزراندنی بازنەی پراگ)(21) و لەو کۆنگرەیەدا بڕیاریاندا ڕێبازێك دابمەزرێنن و ناوی بونیادگەری لێبنێن، "بۆ ئەوەی ببێتە تاکە میتۆدی زانستی – ئەپستمی، کە توانای ئەوەی هەبێت لەیاسای سترۆکتۆری سیستەمە زمانییەکان بکۆڵێتەوە"(22)، لەکاتێکدا گروپێکی توێژەران "ساڵی (١٩٣٠) بە ساڵی لەدایکبوونی میتۆدی

---

[16] سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢.

[17] ئازاد حەمە، ڕەهەندی تێڕامان و جەستەی وتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ، ل ٢٠.

[18] د. فائق مصطفى ـ د. عبدالرضا علي، في النقد الأدبي الحديث (منطلقات وتطبيقات)، دار الكتب للطباعة والنشر، الطبعة الثانية، الموصل، ٢٠٠٠، ص ١٧٨.

[19] د. عبد القادر عبد الجليل، علم اللسانيات الحديثة (نظم التحكم وقواعد البيانات)، دار صفاء للنشر والتوزيع، ط ١، عمان، ٢٠٠٢، ص ٢٢٤ – ٢٢٩.

[20] ئازاد حەمە، ڕەهەندی تێڕامان و جەستەی وتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ، ل ٢٠ –٢١.

[21] ئازاد حەمە، ڕەهەندی تێڕامان و جەستەی وتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ، ل ٢١.

[22] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

بونیادگەری دادەنێن و وای بۆدەچن کە سەردەمی زێرینی پراکتیزەکردنی ئەو میتۆدە لە ساڵی (١٩٥٦) بەدواوە دەستپێدەکات"(23)

بەڵام (کلۆد لیڤی شتراوس)ی زانای (مرۆڤناس ـ Anthropologist) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "بنج و ڕەچەڵەکی میتۆدی بونیادگەری دەگەڕێتەوە بۆ ڕێنیسانس و ڕێڕەوەکەی بە فەلسەفەی سروشتی (گۆتە ـ ١٧٤٩ – ١٨٣٢)دا تێدەپەڕێت، تا دەگاتە زمانەوانی (ئۆبۆڵت و سۆسێر) و کارە زانستییەکانی (لارسی تۆمسۆن)"(24)

تێبینی دەکەین" بەشێوەیەکی گشتی بۆچوونەکان سەبارەت بە دیاریکردنی مێژوویەکی دیاریکراوو چەسپاوی تایبەت بە سەرهەڵدانی ئەم میتۆدە یەکناگرنەوە، ئەمەش چاوەڕوانکراوە، چونکە هەریەکێك لەو کەسێتییانەی لەپێشەوە ئاماژەمان بە تێڕوانینەکانیان دا، لەڕوانگەیەکی دیاریکراوەوە ڕووی لەم بابەتە کردووە، بەڵام لەمیانەی توێژینەوەماندا لەم بابەتە ڕووبەڕووی بۆچوونێکی نوێ و جیاواز بووینەوە، ئەویش ئەو بۆچوونەیە کە تێیدا هاتووە "ئەم ڕێڕەوە شیکردنەوەییە (بونیادگەری) سەرەتایەکی زۆر لەوە کۆنتری هەیە وەك ئەو مێژووە کورتەی دەدرێتە پاڵی و تاڕاددەیەکی زۆر بۆ هەندێك لە نووسراوانی فیکریی وەکو (ئەرستۆو ڕۆسۆو کانت) دەگەڕێتەوە"(25)، بەڵام ناکرێت پشت بەم بۆچوونە ببەستین، چونکە تاڕاددەیەکی زۆر جێی گومانە، ئەویش زیاتر بەهۆی زیادەڕەوییەوەیەتی لە دیاریکردنی ئەو مێژووەی بۆ سەرهەڵدانی ئەم میتۆدەی داناوە.

لایەنێکی تری ئەم میتۆدە خۆی لەهۆکاری سەرهەڵدانیدا دەبینێتەوە، ئاشکرایشە هەر ڕێڕەوو ڕێبازێك زادەی فەلسەفەو ئایدۆلۆژیەتێکی تایبەتەو هەڵگری تێڕوانینێکی سەربەخۆو دیاریکراوە بەرامبەر بە ڕووداوو دیاردەکانی دەوروبەر، هەروەها ئامانجیشی بریتییە لە هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە تێڕوانین یاخود سیستەم و بەرنامەی میتۆدەکانی پێش خۆی نەگەیشتوونەتە شیکارو چارەسەرێکی یەکلاییکەرەوە بۆی، بەبارێکی دیکەدا تێدەکۆشێت بۆ پێشکەشکردنی فیکرێکی نوێ شیکارو ڕاڤەکردنی کێشەکان.

لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە مێژووییانەی لەسروشتی درککردندا بۆ دیاردەکانی ژیان ڕوویانداوە، هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە زەمینە بۆ لەدایکبوون و گەشەسەندنی ئەم میتۆدە ڕەخسا، هۆکاری سەرەکیش دەگەڕێتەوە بۆ (زاڵبوونی هەندێك سیستەمی فەلسەفی کلاسیکی نەزۆك لە کۆمەڵگای فەرەنسیدا، کە لەشێوەی بیرکردنەوەیەکی تەقلیدی دۆگمادا باڵیان بەسەر ژیانی ئایدۆلۆژی ئەوێدا تاسەرەتاکانی سەدەی بیستەم کێشابوو)(26)، ئەم وتەیەش پشتی ئەو بۆچوونە ڕاستدەکاتەوە کە دەڵێت "بونیادگەری لەبنەڕەتدا دەرهاویشتەی هێزو ڕەوتە هزریی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بوو، بۆ ئەوەی تێڕوانینێکی نوێ بۆ تێڕامانەکان بەرهەم بێنن، بەمەرجێك پشت بەدەرەنجامی زانستی ببەستێت"(27).

بەڵام نابێت ئەوەش لەیادبکەین، کە لەمێژووی فیکری فەرەنسیدا (سەرهەڵدانی بونیادگەری وەکو میتۆدێکی شیکردنەوەیی زانستیی شتێکی تازە نییە، چونکە پێش ئەم مێژووەو لەهەمان کۆمەڵگادا لەنێوان ساڵانی "١٩٠٠ – ١٩٢٠"دا "برکسۆن خوازی" و لەنێوان ساڵەکانی "١٩٤٥ – ١٩٦٠"یشدا "بوونخوازی – الوجودیە" سەریان هەڵداوەو جەماوەری خۆیان هەبووە)(28)، بەڵام ئەو ڕێڕەوانە سنورێکی دیاریکراویان هەبووە، چ لەڕووی ماوەی بەردەوامیی مانەوەو چ لەڕووی پانتایی وەو ڕووبەرەی لەسەر ئاستی فەزای ڕۆشنبیری ئەوروپا بەگشتی و فەرەنسا بەتایبەتی لەخۆیان گرتووە، سەرەڕای

---

23 حەمەسەعید حەسەن، لە بونیادخوازییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەق، گ: ڕامان، ژ: ٤٣، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ٣٩.

24 ابراهیم علي محمود، مغامرة المنطق البنیوي، ص ٦.

25 ئازاد حەمە، ڕەهەندی تێرامان و جەستەی گوتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ، ل ٢١.

26 ئازاد حەمە، ڕەهەندی تێرامان و جەستەی گوتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ، ل ٢٤.

27 ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، تارمایی سەلەفیەت و ڕابواردنی نوێگەری، گ: ڕامان، ژ: ٤٤، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٨٥.

28 ئازاد حەمە، ڕەهەندی تێرامان و جەستەی گوتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ، ل ٢٤.

سـنووردارییو سـادەیی تێڕوانینیـان بەرامبـەر ڕووداوو کێشەکانی دەوروبـەر، ئـەمانش زیـاترینی ئـەو هۆکارانە بوون کە زەمینەیان خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازە.

## بەشی دووەم

## بونیادگەری لەئەدەبدا

ڕاسـتیەکی بەڵگەنەویـستە کـە بونیادگـەری زمانـەوانی بنـچینەو ڕایـەڵی سـەرەکی توێژینـەوە بونیادگەرییـەکانی دوای خـۆی بـوو، یـەکێکیش لـەو لایەنانـە بـواری توێژینـەوە ئەدەبییـەکانو ڕەخنـەی ئەدەبییە.

داهێنانـەکانی دی سۆسـێر لـەبواری زانـستی زمانـدا، خاوەنی کۆمـەڵێك بۆچوونو تێڕوانینی نـوێ بوو لـەبواری شیکردنەوەی دیاردەکانی زماندا، لـەڕێی ئـەم توێژینەوانەشییەوە گەیشتە چەند ئـەنجامێك، ئەویش داهێنانی کۆمەڵێك یاسا بوو لەو بوارەدا. یاسا زمانەوانییەکانیش لەگـەڵێك بـواری زانـستیی جیـادا سوودیان لێبینراوەو کاریان پێکراوە، کە هەر لەبوارەکانی ئەنترۆپۆلۆجیاو سایکۆلۆجیاو سۆسیۆلۆجیاوە تـا دەگاتـە بوارەکـانی ماتماتیـكو ئەنـدازەو پزیـشکییو ڕەخنـەی ئـەدەبیی، یاسـای لـێ داتاشـراوەو لەتوێژینـەوەکانی تایبـەت بـەو بوارانـەدا سـوودیان لێبینـراوە، ئـەدەبو ڕەخنـەی ئەدەبییش لـەلای خۆیـەوە لەسوود وەرگرتن لەم میتۆدە بیبەش نەبووەو ڕەخنەگرانو توێژەرانی ئەم بوارە لەژێر ڕۆشنایی بنـەماکانی ئەم میتـۆدەدا شـێوازێکی نوێی ڕەخنەییان خوڵقاند، کە دواتر بە ڕەخنـەی بونیادگـەری ناسـرا (بێگومـان هاوتا لەگەڵ سەرجەم لقە جیاوازەکانیدا).

بونیادگـەری وا دەڕوانێتـە ئـەدەب کـە "سیـستەمی نیشانەکانەو لەسـەر بنـەمای کۆمـەڵێك یاسـای زانـستیی سیـستەماتیك کاردەکـات، لەمەشـدا دەچێتەوە سـەر سیـستەمە نیـشانەکانی تـری وەك زمـانو وێنەکێشانو پەیکەرتاشیی، تـەنها شتێکیش کە لـەوانی جیادەکاتـەوە کەرەسـتەی بەکاربراوی سیـستەمی نیشانەو دالەکانە، کە بریتییە لە زمان"(29)

ئەم تێڕوانینە تایبەتە نوێیەی بونیادگەری بەرامبەر ئەدەب، ڕۆڵێکی گەورەی بینی لـە پێشخستنی چەمکی ڕەخنەدا لەهەردوو ڕووی تیۆرییو پراکتیکییەوە سەرەڕای داهێنانی ڕەهەندێکی نوێو شێوازێکی نوێی ڕەخنەی ئەدەبیی، چونکە بونیادگەری وەکو تەنێکی سەربەخۆی زمانیی لەدەقی ئـەدەبیی دەڕوانێت، (لەکاتێکـداو لـەبواری توێژینـەوەی دەقـی ئەدەبیـدا میتـۆدە ڕەخنەییـەکانی پـێش بونیادگـەری بەگـشتیی، زیـاتر گرنگییـان بـە ڕۆڵـی نووسـەرو چـەند لایـەنێکی دیکـەی مێـژوویی، دەروونیـی، کۆمەڵایـەتیو ...تـد تایبەت بەنووسەر دەدا)(30)

ڕەخنەگرانی بونیادگەر" ئەرکی خۆیان تەنها لەچوارچێوەی سنوری دەقدا دەبیننەوە، (بۆ نموونـە ڕەخنەگرێکی وەك (ڕۆلان بارت) کاتێکی دێتە سەر باسی ڕەخنەو چۆنیەتی لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی دەقی ئـەدەبیی، بـەهیچ شـێوەیەك گرنگیـی بەنووسـەر نـاداتو تـەنها لـەخودی دەقو لایـەنو دیاردەکـانی دەقـە ئامادەکە دەدوێت)(31)، بارت لـەم بۆچوونەیدا تەواو بونیادگەرەو ڕەخنەو لێکۆڵینەوە لـە دەقـی ئەدەبیـدا تەنها لەچوارچێوەی دەقەکە خۆیدا دەبینێتەوەو لـە هۆکـارە دەرەکییـەکان ئازادی دەکـات، ئـەو بایـەخێکی تایبەت دەدات بەو سیستەمە زمانییەی دەقەکەی لەسـەر بونیـاد نـراوە، هـەر بـۆ نموونـە دەبیـنین دەربـارەی زمانی دەق دەڵێت "ئەوە زمانە کە لەجیاتی نووسەر قسەدەکات"(32)

---

[29] د. عبدالسلام المسدي، قضية البنيوية، ص ١٤١.

[30] نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، تیۆرەکانی خوێندنەوەی هێرمۆنتیکا (دەروازەیەکی تیۆریی)، گۆڤاری ڕامان، ژ: ٣٩، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩، ل ٢١.

[31] ئازاد خدر، خوێندنەوەیەکی (ڕەخنەو ڕاستی) ڕۆلان بارت، گۆڤاری ڕامان، ژ: ٣٣، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩، ل ٩٩.

[32] ئازاد حەمە، ڕەهەندی تێرامانو جەستەی گوتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ، ل ٩١.

دەبینین ئەوەی بۆ بارت گرنگە، لەپلەی یەکەمدا دەقەو لەبەرامبەردا بابەتەکانی تایبەت بە نوسەر فەرامۆشکراوەو وەکو لایەنێکی دەرەوەی چوارچێوەی توێژنەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو بەهیچ شێوەیەک نەکراوەتە بابەتێك کە شایانی لێتوێژینەوە بێت.

ڕەخنەی بونیادگەری تەنها لە بۆچوونەکانی بارتدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو کەسانی هەڵکەوتووی دیکەی ئەم بوارە زۆرن، کە بەهۆی بەرهەمە بەناوبانگەکانیانەوە ڕۆڵی بەرچاویان لە بەمیتۆدکردنی بونیادگەریدا بینیوە، ئەوانیش وەك (لوسیان گۆڵدمان)، کە "بوارێکی نوێی لەناو هەمان میتۆددا بەناوی (بونیادگەری پێکهاتوویی – النقد التكويني)یەوە داهێنا"(33). سەرەڕای ڕۆمان یاکۆبسن، تزفتیان تۆدۆرۆف، میشێل فۆکۆو ... تد. بۆ نموونە یاکۆبسن دەڵێت "مێژوونووسانی کۆنی ئەدەب لەو پۆلیسانە دەچن کە بۆ گرتنی کەسێك دەچن، هەموو خەڵکی دەگرن و دەست بەسەرماڵی هەمووان‌دا دەگرن، تا کار دەگاتە ئەوەی هەرکەسێ بەشەقامەکەدا تێپەڕێت دەیگرن. مێژوونووسانی کۆنی ئەدەبیش پەنا دەبەنە بەر هەر شتێك، زەمینەی کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆجیا، سیاسەت و فەلسەفە. ئەوانەی لەبری ئەوەی پەنا بۆ شێوازی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی بەرن، کۆمەڵێك یاسای خۆبەخۆ دەخەنەڕوو"(34)

یاکۆبسن" توێژینەوەی ئەدەبیی لەناو خودی ئەدەبدا دەبینێتەوەو هۆکارە دەرەکییەکانی لێدادەماڵێت، ئەو تەنها مەودا زمانییەکان لە لێکدانەوەو توێژینەوە ئەدەبییەکاندا بەهەند وەردەگرێت و هەمیشە جەخت لەسەر پەیوەندی پتەوی نێوان ئەدەب و زانستی زمان دەکاتەوەو سیستەمە زمانییەکان بە بونیادی سەرەکی ئەدەب دادەنێت و هەمیشە کارکردن لەگەڵ بونیادە زمانییەکاندا بە پێویست و گرنگ دەزانێت، لە لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی دەقە ئەدەبییەکاندا. هەروەك چۆن دەڵێت "هونەری شیعر پەیوەندی بە مەسەلەکانی بونیادە زمانییەکانەوە هەیە، هەروەك چۆن لە لێکدانەوەی تابلۆیەکدا بایەخ بە بونیادە وێنەییەکان دەدرێت. لەبەرئەوەی زانستیی زمان زانستی گشتی بونیادە زمانییەکانی هەموو دەقێکی وتراوو نووسراوە، دەکرێت هونەری شیعر بەبەشێکی دانەبڕاوی زمانەوانیی دابنرێت"(35)

یاکۆبسن بەم پەیوەستکردنەی هونەری شیعر بە زمانەوانییەوە، زیاتر پەیوەندی نێوان ئەدەب و زانستی زمان پتەو دەکات، بەمەش هەموو ئەو تێڕوانینانەی کە لە ڕاڤەکردنۆ لێکدانەوەی دەقی ئەدەبیدا سیستەمی زمانیی وەلا دەنێن، هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەم تێڕوانینەش گرنگترین لایەنی ئەو توێژینەوانەیە کە پەیڕەوی میتۆدی بونیادگەری دەکەن، چونکە بونیادگەری هەوڵی ئاشکراکردنی یاسا ناوەکییەکانی سیستەمی دەق دەدات، ئەو یاسایانەی کە لەزمانی ئاسایی جیای دەکاتەوە، ئەویش بەهۆی چۆنیەتی داڕشتنی ڕەوتی بونیادە زمانییەکانی سیستەمی دەقە ئەدەبییەکان و پەیوەندی داڵەکان بە مەدلولەکانیانەوە ئەم جیاوازییەیان پێدەبەخشێت، هەروەك چۆن (جۆناسان کۆللەر) لە وتارێکدا سەبارەت بە بونیادگەری دەڵێت "ئەرکی شیکردنەوەی بونیادییانەی بونیادگەری، فۆرمەلەکردنی ئەو سیستەمە گرنگانەی ئەو تەقالیدانەیە کە توانا دەدەن بە بابەتە کەلتوورییەکان هەتا مانایەکمان پێ ببەخشن"(36).

کەواتە لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، بونیادگەری خاوەنی تێڕوانینێکی جیاوازو سەربەخۆیە، هەربۆیە لەمیانەی لێکدانەوەو ڕاڤەکردنب دەقی ئەدەبیدا لای ڕەخنەگری بونیادگەر سێ چەمکی نوێ سەرهەڵدەدەن، کە ئەوانیش هەر سێ چەمکی (دەق) – کە لە پلەی یەکەمدایە، (خوێنەر) – کە لە گرنگیی پێداندا لەئاستی دووەمدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام (نووسەر)" ئەو نووسەرە نییە کە لە ڕەخنەی کلاسیکیدا بەرچاو دەکەوێت و گۆڕانی بەسەردا دێت، هەروەك چۆن دەبینین (لای بارت، سیمیۆلۆجیای

---

[33] عوسمان یاسین، لوسیان گۆڵدمان و بونیادگەری پێکهاتوویی، گۆڤاری ڕامان، ژ: ٢١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، ل ٤٣.

[34] ئازاد بەرزنجی، چەند وێستگەیەکی فیکریی و ئەدەبیی، ل ٢٢٦.

[35] د. عبدالسلام المسدي، قضية البنيوية، ص ١٤١.

[36] ڕۆبەرت دیاینی، دایڤد دەچز، ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، و: عەتا قەرەداغی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٥٧.

خوێندنـەوە ڕۆڵێکـی مـەزن دەبینێت لـە دیاریکردنیجیهـانی خوێندنـەوەی دەق و کەمکردنـەوەی دەسـەڵاتی نووسەرو ئاشکراکردنی مەدلولی تێکستدا)(37)

بـەپێی ڕاددەی گرنگیی پێدان و پلـەکانی قورسایی خستنەسەر، ئـەم چـەمکانەی ئاماژەمانپێدان، هەوڵدەدەین بەپێی تواناو سنووری کاری توێژینەوەکەمان تیشکیان بخەینەسەرو لێیان بدوێین.

## دەق

وەك لەسەرەتادا ئاماژەمان پێدا، میتۆدە ڕەخنەییـەکانی پێش بونیادگـەری کاتێك توێژینەوەیـەکی ڕەخنەییان بەرهەم دەهێنا، لەپلەی یەکەمدا گرنگییان بە خودی نووسـەرو چـەند لایـەنێکی وەك (مێژوویی، دەروونیـی، کۆمەڵایـەتی و ... تـد) پەیوەسـت بـە نووسـەرەوە دەدا، بـەڵام دوای داهێنانـە مەزنەکـەی دی سۆسـێر لـەبواری زانسـتی زمانـداو پەرەسـەندن و بڵاوبوونـەوەی پراکتیزەکردنـی میتۆدەکـەی لـە بـوارە جیاجیاکانی زانستە جۆراوجۆرەکاندا، وەرچـەرخانێکی گـەورەو بەرچاو لـەو بوارانـەدا بـەدیهاتن، بێگومـان ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبییش وەك بوارێکی زانستیی لەم لایەنە بێبەش نەبوو.

بونیادگـەری" دەقـی ئـەدەبیی وەك کایەیـەکی تـەواوو بـیٚ کـەموکوڕیی دەبـینی بـۆ خوێندنـەوەو لێتوێژینـەوە، ئـەم هۆکـارەش بـەس بـوو بۆئـەوەی سـەنتەری دەسـەڵات لـە نووسـەر وەربگیرێتـەوەو وەك بابەتێکی بەدەر لەسنووری کاری توێژینەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، تا کار گەیشتە ئەو ڕاددەیـەی (ڕۆلان بارت، جاڕی مەرگی نووسەر بدات)(38)

بونیادگـەری پێـی وایـە دەق دەبێـت بەشـێوەیەك مامەڵـەی لەگەڵـدا بکرێـت، کـە جیهـانێکی سەربەخۆیەو نابێت هیچ هۆکارێك لەدەرەوەی سنووری دەق بهێنرێت و بەسەریدا بسەپێنرێت، چونکە دەق خۆی خاوەنی شوناسی تایبـەتی خۆیـەتی، بۆنموونـە (تزفتیـان تـۆدۆرۆف) دەڵێت "کـاری ئـەدەبیی لـەوەدا نەماوە وەك هـەر دەربڕڕاوێکی دیکـەی زمـانیی، تـەنها لـە ئاخـاوتنێکی ئاسـایی و لـە وشـەکان پێکهاتبێـت، بـەڵکو ڕسـتەکان پێکیـان هێنـاوە، ئـەو ڕسـتانەش لەسـایەی چـەندین ئاسـتی جیـاوازی ئاخاوتنـدا بەرهەمهاتوون"(39)

تـۆدۆرۆف هەوڵـدەدات دەقـی ئـەدەبی لـەناو خۆیـداو لەڕێگـەی ئـەو پەیوەندییـە شارراوانەی کـە لەنێوان ئەو وشە دروستکەرو بونیادنارانەی کاری ئەدەبیدا هـەن" دیاریبکات، بێگومـان ئـەم بۆچوونەشی لەپێناسەکەی سۆسێرەوە بۆ زمان سەرچاوەی گرتووە، چونکە دی سۆسێر پێناسـەی زمان لـەناوەوە بـەوە دەکات کە "سیستەمێکی ناوەکییەو لەڕێگای ڕێکخستن و بەدوایەکدا هاتنی کەرەستەو دانەکانەوە هەستی پێدەکرێت، جیهانی زمانەوانیش دەبێت هەر لەسەرەتاوە لەناو بواری زماندا چەق ببەستێت"(40)

ئەمپێناسـەیە دەروازەی بـۆ چـاو خـشاندنەوە بـە سروشـتی دەقـی ئەدەبیـدا والاکـردو هـانی ڕەخنەگران و توێژەرانی بواری ئەدەبی دا، ڕووبکەنە شێوازێکی نویٚ لە مامەڵەکردن لەگـەڵ دەقی ئەدەبیدا، لەڕووی چۆنیەتی لێکدانەوەو خوێندنەوەو ڕەخنەگرتن لێی. بەڵام ئەم کارە بەو سانایییە تێناپەڕێت، چونکە دەق وەکـو چـەمکێك بایـەخی تایبـەتی فەلـسەفی و زمـانیی و ڕەخنـەیی خـۆی هەیـەو یـەکێك لـە تایبەتمەندییـەکانی ئەوەیـە کـە هـەر دەقێـك لـەناو خۆیـدا هێزێکـی فرەجەمـسەری تێدایـەو زۆر بەتونـدی پارێزگاری لە بەنهێنی هێشتنەوەی دەکات، ئەم هۆیـەش زیاتر ئاڵۆزیی بە سروشتی دەق دەبەخشێت و لەڕووی ماناو دەلالەتەوەو لەدەقێکی ئاسایی یان ئاخاوتنێکی سادەی ژیانی ڕۆژانەی جیادەکاتەوە.

کـاری بونیادگـەرەکان لـەبواری ئەدەبدا لەڕوانگەیـەکی زمانییەوەیـە، هەربۆیـە (بونیادگـەرەکان لەتوێژینـەوەیان لـەدەقێکی ئـەدەبیدا، سـەرەتای کارەکـەیان بـە دابەشـکردنی دەق دەسـتپێدەکات بـۆ چـەند یەکە پێکهێنـەرێکی گـەورە، کـە بـریتین لـە "پارچـەکان – المقطوعـات" و دابەشـکردنی ئـەوانیش بـۆ چـەند

---

[37] ئازاد حەمە، ڕەهەندی تێرامان و جەستەی گوتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ، ل ٦٧.

[38] أديث كيرزويل، عصر البنيوية من ليفي شتراوس الى فوكو، ص ١٨٢.

[39] د. عبدالسلام المسدی، القضية البنيوية، ص ١٤١.

[40] د. عبدالسلام المسدی، القضية البنيوية، ص ١٤٠.

قۆناغێك یان یەكەیەكی نوێ یان "بەشە پێكهێنەرەكانی – عناصر"، كە بریتین لە ڕستەكان، پاشان لێتوێژینەوەی پەیوەندییەكانی نێوان پارچەو قۆناغو ڕستەكان)(41)، بەڵام نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت كە (پارچە – مقطوعة)و (بەشە پێكهێنەر – عنصر) یەك نینو دوو شتی جیاوازن، چونكە (پارچە دەشێت هەموو چیرۆكەكە لەخۆ بگرێت، هەروەك چۆن دەشێت لەچوارچێوەی ڕستەیەك یان بەشێكی ڕستەیەكدا خۆی ببینێتەوە)(42)

كەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە بڵێین: شێوازی كاركردنی ڕەخنەگری بونیادگەر لەپرۆسەی شیكردنەوەو لێكدانەوەی دەقدا، هەمیشە جەخت دەكاتە سەر گەوهەری ناوەوەی دەقو لەهەموو كارتێكەرێكی دەرەكیی دایدەبڕێت، چونكە بونیادگەری لەو بنەما لاوەكییو یەكە بچوكانە دەكۆڵێتەوە كە لەناوەوەی دەقدا خودی دەق وەك یەكێتییەكی زمانی پێكدەهێنن، ئەویش بەیارمەتی ئەو سیستەمەی بڕیار لەسەر چۆنیەتی بونیادنانو لەدوایەكهاتنی كۆدو نەسەقەكان دەدات لەچوارچێوەی دەقدا، لەلایەكی تریشەوە بایەخ بەو پەیوەندییانە دەدات كە ئەو بنەماو یەكانە پێكەوە دەبەستێتەوە، چونكە سەرەنجام ئەو پەیوەندییانە كە ئاراستەی ماناو دەلالەتی دەقێك بونیاد دەنێن بەرەو بەرهەمهێنانی وتارێكی فیكری ئاراستەكراو.

## خوێنەرو نووسەر

لەبەرئەوەی میتۆدی بونیادگەری لەڕووی گرنگیی پێدانەوە بەپلەی یەكەم دەق دەكاتە سێنتەری توێژینەوەو بەلایەوە خوێنەرو تێڕوانینەكانی بابەتی قۆناغی دووەمی پرۆسەی بەرهەمهێنانە، كەمتر قورسایی دەخاتە سەر، هەروەها نووسەرو دەسەڵاتیو گرنگییو كاریگەرییەكانی هێندەی ئەوانی تر بەهەند وەرناگیرێت، بۆیە بەباشمان زانی لەپێناو كورتییو پوختی توێژینەوەكەماندا، لەچوارچێوەی یەك بابەتدا لەم دوو چەمكەی ئاماژەمان پێداون" بدوێینو بكۆڵینەوە.

لەدیدی ڕەخنەگری بونیادگەرەوە، خوێنەر دوای دەق دێت لە گرنگیی پێدانداو خوێنەر بە تەواوكەری دەق دادەنرێت، بەڵام نووسەرو ئیمپراتۆریەتەكەی جاڕی مەرگی دەدرێتو لە سێنتەری باسو لێتوێژینەوە دووردەخرێتەوەو بێبەری دەكرێت.

(بۆرخیس) دەڵێت "تامی سێو لەناو سێوەكەدا نییە، بەڵكو لە پێكگەیشتنی سێوەكەو مەلاشوودایە، شیعریش لە دیواندا نییە، لەپێكگەیشتنی شیعرەكەو خوێنەردایە"(43). خوێنەر بەشداری لە تەواوكردنی مانای دەقدا دەكاتو یارمەتی بە ئامانج گەیشتنی دەدات، چونكە هەموو دەقێك دەیەوێت شتێكمان پێ ڕابگەیەنێت، وتارێكمان ئاراستە بكات، دەقی چاكو سەركەوتوو لای خوێنەری چاك بەرهەم دێت، ئەویش لە ڕێگای ناسینەوەی دالەكانو پەیبردنێتی بە مەدلولە ڕاستەقینە مەبەستدارەكانەوە. هەروەك چۆن (ئەی. ئای. ڕیچاردس) دەڵێت "شیعر ئەزموونی خوێنەری شارەزایە"(44)،چونكە وتووێژی نێوان دەقو خوێنەر، وتووێژێكی فیكرییە، دەق هزری خوێنەر دەدوێنێت، تا بەهۆی پرسیارەكانی خۆیو وەڵامەكانی خوێنەرەوە یارمەتی خوێنەر بدات، بگات بە ئاشكراكردنی مانا ناوەكییەكانیو بیگەیەنێتە قۆناغی چێژ وەرگرتن.

لەدیدی ڕەخنەگرە بونیادگەرەكانەوە جیاوازی هەیە لەنێوان خوێنەرانی دەقدا، لەڕووی ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەرو پلەو جۆری خوێندنەوەدا، چونكە خوێندنەوەی تەندروستو ڕاستەقینە بەرهەمی خوێندنەوەی خوێنەرێكە كە خاوەنی باكگراوندێكی ڕۆشنبیریو هزرییەو توانای ئەدەبیو ئاستی هونەری بەپێی پێویست گونجاوە.

---

41 سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٥.

42 پییر ڤی زیما، هەڵوەشاندنەوەو بونیادگەرایی، و: ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، گۆڤاری كاروان، ژ: ١٧٦، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ٦٧.

43 حەمە سەعید حەسەن، لە بونیادخوازییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەق، ل ٤٥.

44 شەعبان شەعبان ئەحمەد، كورتە پێناسەیەك بۆ جیهانی فراوانی ڕەخنەی نوێ، گۆڤاری ڕامان، ژ: ٥٠، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ٧٥.

هەر سەبارەت بە جۆرەکانی خوێنەر، (ڕامان سڵدن) دەڵێت "دەتوانین خوێنەر بکەین بە دوو جۆرەوە، خوێنەری خودیو خوێنەری فیعلی، خوێنەری یەکەمیان ئەو خوێنەرەیە کە دەق خۆی دروستیدەکات، لەکاتێکدا خوێنەری فیعلی لە ئەزموونی ئیستاتیکی خۆیدا کۆمەڵێك پێشینەی هەیەو دەقیش لەلایەن خۆیەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کۆتو بەندی دەکاتەوە"(45)

کەواتە دەق خۆی خوێنەری خۆی دروستدەکات، بەواتایەکی ترتایبەتمەندییەکانی خودی دەق پێشوەخت شێوازی خوێندنەوەی خۆی دیاریدەکات بەیارمەتی تۆڕی ئەو بونیادانەی کە لەسیستەمی زمانی دەقەکەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەمە سەبارەت بە خوێنەری خودی، بەڵام خوێنەری فیعلی خاوەنی پێشینەیەکی ڕۆشنبیریی و هزرییەو بەئەزموونی پێشتردا گوزەری کردووە، بۆیە کاتێکی تێکەڵی دەقێك دەبێت، لەئەنجلمی دایەلۆگی نێوانیانەوە دەگاتە مەبەستو بەیارمەتی ئەو ئاستەی کەهەیەتی، بۆشاییو کەلێنەکانی دەق پڕدەکاتەوە.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە، ڕاستە لە پرۆسەی خوێندنەوەو ڕەخنەگرتندا دەق گرنگەو لە پلەی یەکەمدایە، بەڵام دەق جیهانێکە بە بێ خوێنەر نایەتە بەرهەم، چونکە دەق دیاردەیەکە ئاراستەی خوێنەر دەکرێت، ساتەوەختی نووسینیش ساتە وەختی ڕووکردنە خوێنەرو دواندنی هزرییەتی، ئەم هۆیەش خوێنەر دەکاتە بەشێکی گرنگی جیهانی دەقی ئەدەبی، ئەگەرچی ڕەخنەگری بونیادگەر لەئاستی دووەمدا دەیبینێت، ئەمە سەبارەت بە خوێنەر.

بەڵام کاتێك دێینەر سەر ئەو گرنگیی و بایەخەی نووسەر هەیەتی لەڕوانگەی ئەم میتۆدەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین: ئەو تەریککردنەی ئەم میتۆدە سەپاندویەتی بەسەر چەمکی نووسەردا، لەقوڵایی چەند هۆکارێکی تایبەت بەخودی میتۆدەکەوە سەرچاوەی گرتووە. وەك وتمان بونیادگەری لەبواری ئەدەبو ڕەخنەی ئەدەبیدا لەکایەکانی زانستی زمانەوە سەرچاوەی گرتووە، واتە ڕەخنەگری بونیادگەر لەدیدگای ئاستە زمانییەکانەوە لەبەرهەمی ئەدەبی دەڕوانێت، بێگومان ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەش زمان دەکاتە خاوەن دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری، بەم شێوەیەش دەبینین نموونەی زمانەوانی زاڵ دەبێت بەسەر سەجەم بوارەکانی توێژینەوە زانستییەکاندا. ئەم هۆکارانەش وادەکەن کۆنترۆڵو دەسەڵات لە نووسەر بسەنرێتەوەو سێنتەر ڕوووەو پانتاییەکانی دەقو بەرهەمی ئەدەبی سەرچاوە بگرن.

## ئەنجام

- بونیادگەری وەك میتۆدێکی ڕەخنەیی، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە فەرەنسا سەریهەڵداوەو ژینالۆژیاشی لەو تێزە زمانەوانییە نوێیاننەوە وەرگرتووە کە زانای زمانەوانی سویسری (فێردیناند دی سۆسێر) سەرچاوەی داهێنانیەتی.
- وەك بونیادگەرەکان خۆیان دەڵێن: ئامانج لە پەیڕەوکردنی بونیادەکانی میتۆدێکی وەك بونیادگەری، داهێنانی تێڕوانینێکی نوێ بووە سەبارەت بە کێشە باوەکانی ئەو سەردەمەو دانانی شیکاری گونجاوو یەکلایی کەرەوە بووە بۆیان، سەرەڕای بە ئەپستمی کردنی توێژینەوە زانستییەکان بەگشتیو ئەدەبو ڕەخنەی ئەدەبی بەتایبەتی، لەبەر ڕۆشنایی سیستەمە زمانییەکاندا.
- لەدەرەنجامی ئەو بەربڵاوییەی میتۆدی بونیادگەری لە پراکتیزەکردنی ڕێسا سەرەکییەکانی لەبواری زانستەکاندا بەخۆوە بینیوێتی، دەکرێت بڵێین ئەم میتۆدە بەدرێژایی مێژوو تاکە میتۆدە کە توانیویەتی خۆی بگەیەنێتە پانتایی سەرجەم بوارە زانستییەکانو لە توێژینەوەکانیاندا پراکتیزەبکرێت.
- لەڕوانگەی ڕەخنەگری بونیادگەرەوە" لەڕووی گرنگیپێدانەوە دەق لەپلەی یەکەمدا دێتو ڕاڤەکردنو لێتوێژینەوەشی دەبێت لەسایەی ئەو سیستەمە زمانییەدا بێت کە دەقەکەی لەسەر بونیادنراوە، خوێنەریش لەڕووی گرنگییەوە لەدوای دەقەوە دێتو لەڕووی قورسایی خستنەسەرەوە پلەی دووەمی گرتووە، بەڵام نووسەرو دەسەڵاتەکانی لای ڕەخنەگری بونیادگەر تێکدەشکێتو لە سێنتەر دووردەخرێتەوە، تا دەگاتە ئەوەی جاڕی مەرگی بدرێت.

---

45 ڕامان سلدن، النظرية المعاصرة، ت سعيد الغانمي، الؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٦، ص ١٦٧.

## ملخص البحث

من ابرز سمات القرن العشرين تلك الموجات من التحول والتغير والإزدهار التي إتسعت وعمت مجالات الحياة الإنسانية كافة. وقد إنعكس العامل الأساسي والرئيسي الذي يقف هذه التحولات الشاملة في مجالات العلمية عموما والعلوم الإنسانية بشكل خاص، و من هنا ينبغي ان لا ننسى دور ومهمة المذاهب والمناهج الحديثة في تهيئة المناخ المناسب، لأن هذه التحولات ترجع الى الإبداعات والكشوفات العظيمة في مجالات شتى كعلم اللغة، الأدب و علم الإجتماع، التي جائت الى الوجود عن طريق المناهج الحديثة. وأحد هذه المناهج الحديثة الذي إستطاع أن تساهم في هذه التحولات هو (البنيوية).

هذا المنهج إستطاع ان يتغلغل في مكونات أغلب العلوم المعاصرة، ويصبح مذهبا مهما في تحليل وتفسير وحدات تلك العلوم. و هذه الخصوصية تجعل البنيوية المنهج الوحيد الذي بإمكانه ان يقتحم الكثير من مجالات الحياة ومنها العلم اللغة، حيث إستطاع أن يكون ممهدا للتوجه نحو اسلوب جديد في الرؤية وحل القضايا اللغوية تاركا الأساليب التقليدية التي عفا عليها الزمن.

وكذلك في مجال الأدب والنقد الأدبي، مهَد البنيوية الطريق امام رؤى جديدة في القراءة وتفسير النصوص بأسلوب علمي حديث، مخلِفا وراءه تلك النظرات التقليدية القديمة التي كانت تستخدم من قبل، فضلا عن خلق بعد جديد لكيفية التعامل مع المحاور الثلاثة (النص، القاريء، الكاتب).

## Abstract

*Structurism as a critical method emerged at the beginning of the twentieth century in France and has obtained its genealogy from the new linguistic thesis founded by the Swiss linguist Ferdinand de Saussure .*

*As the Structurists themselves say: Practicing the bases of a method such as Structurism aims at inventing a new perspective concerning the prevailing problems of that time and providing decisive and suitable analysis for them. This is in addition to epistemology of scientific researches in general, literature and literary criticism in particular in the light of linguistic systems .*

*As the result of common method of Structurism in practicing its main rules witnessed in the field of sciences, we can say that this is the only method which could reflect in every scientific field and be practiced in their studies .*

*In the view point of a Structurist, text comes first in importance whereas studying it would be under the linguist system according to which the text was structured. Then the readership comes next while the writer along with authority is destroyed by the Structurist critic and is taken away from the center until his death is declared .*

## سەرچاوەکان


١- ئازاد بەرزنجی، چەند وێستگەیەکی فیکریی و ئەدەبی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٠
٢- ئازاد حەمە، ڕەهەندی تێڕامان و جەستەی گوتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ، Nytida kulturela kroops foredragt ، چاپی یەکەم، سوید، ١٩٩٥
٣- ئازاد خدر، خوێندنەوەیەکی (ڕەخنەو ڕاستی) ڕۆلان بارت، گۆڤاری ڕامان، ژ: ٣٣، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩
٤- ابراهيم علي محمود، مغامرة المنطق البنيوي، مركز الأبحاث والدراسات الإشتراكية في العالم العربي، الطبعة الأولى، ١٩٩١
٥- اديث كيرزويل، عصر البنيوية من ليفي شتراوس الى فوكو، ت: جابر عصفور، دار افاق عربية للدراسة والنشر، بغداد، ١٩٨٥
٦- ترنس هوكز، البنيوية وعلم الإشارة، ت: مجيد الماشطة، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الأولى، بغداد، ١٩٨٦
٧- حەمەسەعید حەسەن، لە بونیادخوازییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەق، گ: ڕامان، ژ: ٤٣، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٠
٨- د. زكريا ابراهيم، مشكلة البنية أو اضواء على البنيوية، دار المصر للطباعة والنشر، القاهرة، (مێذووي ضاثي لةسةر نيية)
٩- رامان سلدن، النظرية الأدبية المعاصرة، ت: سعيد الغانمي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٦
١٠- ڕۆبەرت دیاینی، دایڤد دەچز، ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، و: عەتا قەرەداغی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١
١١- ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، تارمایی سەلەفیەت و ڕابواردنی نوێگەری، گۆڤاری ڕامان، ژ: ٤٤، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٤
١٢- ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، هەڵوەشاندنەوەو بونیادگەرایی، گۆڤاری کاروان، ژ: ١٧٦، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٢
١٣- شەعبان شەعبان ئەحمەد، کورتە پێناسەیەك بۆ جیهانی فراوانی ڕەخنەی نوێ، گۆڤاری ڕامان، ژ: ٥٠، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٠
١٤- د. عبدالسلام المسدي، قضية البنيوية (دراسة ونماذج)، المطبعة العربية بن عروس، الطبعة الأولى، تونس، ١٩٩١
١٥- د. عبد القادر عبد الجليل، علم اللسانيات الحديثة (نظم التحكم وقواعد البيانات)، دار صفاء للنشر والتوزيع، ط ١، عمان، ٢٠٠٢،
١٦- عوسمان یاسین، لوسیان گۆڵدمان و بونیادگەری پێکهاتوویی، گۆڤاری ڕامان، ژ: ٢١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨
١٧- فائق مصطفى ـ د. عبدالرضا علي، في النقد الأدبي الحديث (منطلقات وتطبيقات)، دار الكتب للطباعة والنشر، الطبعة الثانية، الموصل، ٢٠٠٠
١٨- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، تیۆرەکانی خوێندنەوەی هێرمۆنتیکا، گۆڤاری ڕامان، ژ: ٣٩، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩
١٩- www.albayan.co.ae